گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هێڵکاریی (الخطط) شاری سەمەرقند لەسەردەمی عەباسیەکاندا
# ( 132_656 ك /749-1258ز)

**هەڵالە اسماعیل رحمان**
بەشی مێژوو ، کۆلیژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحدین ، هەولێر ،هەرێمی کوردستان ، عیراق .
Halala.ismael.rahman@gmail.com

**پ.ی.د.اومید ابراهیم**
بەشی مێژوو، کۆلیژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحدین ،هەولێر .هەرێمی کوردستان ،عیراق.
Dr.umaid@yahoo.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٣/١/٧
**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/٢/١٤
**بڵاو کردنەوە:**پایزی٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Samarcand, Civilization, Abase, Architecture, Development*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.20

**پوختە**

هونەری بیناسازی مێژوویەکی کۆنی هەیە ، لە هەموو شارستانیە کۆنەکان ئەم لایەنە بە خاڵێکی روونی ئاستی پێشکەوتن و ئاوەدانی ئاماژەی بۆ دەکرێت شاری سەمەرقەند وەك شارێکی کۆن و ئاوەدان کە مێژوونوسەکان دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی (ذوالقرنین و ئەسکەندەری مەکدۆنی )هەر لەو کاتەوە باسی ئاوەدانی و دروست کردنی شورە و مزگەوت و بازار کراوە لەم شارەدا . لەسەردەمی عەباسیەکانیش ئەو ئاوەدانی هەر پێوە دیار بووە .بۆیە وەك دیارە هەموو ئەو بیناو دامو دەزگا جیاوازانەی کە لە ناوچەکان هەبووە لە سەمەرقەندیش بینراوە و مێژوونوسان باسیان لێوە کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

گەشە سەندنی ناوچەکان مانەوەی ناویان بە نەمری وە بوونی ئاوەدانی بە درێژایی سەردەمە جیاکان واتە بونی بناغەی شارستانیەکی پتەو جێگیر ، لە کۆندا هونەری بیناسازی و کار کردن لەسەری مانای پێشاندانی شارستانیەتی ئەو ناوچە دەردەخان ،کە بەپێی سەردەمەکان جۆری گرینگیدان و پلەی ئاوەدانی وڵات ڕادەی ئاستی پێشکەوتنی دەردەکەوێت .

شارێکی وەك سەمەرقەند کە خاوەن مێژوویەکی کۆنە بە درێژایی فەرمانڕەوایانی پێش ئیسلام و دواتر لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسیەکان هەمیشە جێ بایەخ و گرنگی دان بووە کە بەردەوام لەلایەن هەریەك لەو حوکمڕانە جیاوازانەی کە باس کرا بۆتە هۆی ئەوەی تەواوی لایەنەکانی بیناسازی وەك (شورە ، گەڕەك ، بازار ، قوتابخانە )گرنگی زۆریان پێ دراوە لەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەمیشە ئەو شارە هەوڵی نوێ کردنەوەی زیاترو ئاوەدانکردنەوەی بۆ کراوە، بە هۆی ئەوەی بەردەوام خەڵکی تێدا نیشتەجێ بووە ، هەمیشە لایەنی بیناسازی وەك نیشانەیەکی گرنگی بەردەوامی ژیان تێدا ئاماژەی بۆ کراوە .

ڕێبازی توێژینەوەکە( شیکاری مێژووییە) بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوون لایەنی بیناسازی ڕوون بکەینەوە. وە پلانی توێژینەوەکە پێك دێت لە پوختەو پێشەکی دوو تەوەرەی سەرەکی و دەرئەنجام لیستی سەرچاوە ، تەوەرەی یەکەم باس لە (شورە ، بازار ، گەرەکەکان ، کۆشك و تەلار ، گۆرستان و مەزارگەکان )دەکات هەرچی تەوەرەی دووەمە گرینگترین دامەزراوە زانستیەکانە وەك (مزگەوت ، رباط ، قوتابخانە) کە لە هەریەکە لەم دامەزراوە زانستیانە کۆمەڵێکی زۆر لە زانای ناودار پێگەیشتوون کە خاوەنی چەندین بەرهەم بوونە کە لە سەردەمی خۆیان و دواتر کاریگەریا جێ هێشتووە.

سەبارەت بە کێشەو گرفتی بابەتەکە دەکرێت ئاماژە بەو بکەین راستە ناوی سەمەرقەند زۆر هاتووە بەڵام وردەکاری چۆنیەتی دروست کردنی لایەنی بیناسازی باس نەکراوە وە هۆکاری راستەوخۆی وەرگرتنی زانیاریمان بۆ ئەم لایەنە لە ئەنجامی باس کردنی ژیاننامەی زاناو کەسایەتیە ناودارەکان ئەو زانیاریانەمان کۆکردۆتەوە. چونکە هەریەك لەو دام و دەزگا

زانستیانە بوونەتە هۆی پێگەیاندنی هەزاران زانا لە بوارە جۆربەجۆرەکانی وەك ) تەفسیر ، فەرمووده ناس ، شەرع زان ) بەڵام لە هەندێك شوێن ئاماژەمان بە ساڵی کۆچ کردنی هەندێك لەو کەسایەتیانە نەکردووە کە ناومان بردوون ، ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە سەرچاوەکان باس نەکراون ،بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو سەرچاوەی کە زانیاریەکەی لێ وەرگیراوە لە ماوەی سەردەمی عەباسیەکان ژیاوە لەوە دڵنیا بووینەتەوە کە زانیاریەکان پەیوەندیدارە بەو سەردەمەی کە توێژینەوەکەیلەسەر ئەنجام دراوە .

لە گرینگترین ئەو سەرچاوانەی کە سودمان لێ وەرگرتووە ( الاصطخری ) (م:346 ك/ 957 ز ) کتابی ( المسالك والممالك ))کتێبی مێژوو نوس ( النسفی )(م: 537 ك /1142 ز ) بە ناوی (القند في ذكر العلماء سمرقند (ناوبراو خەڵکی سەمەرقەندە بە شێوەیەکی ورد ناوی کەسایەتیەکان و ئەو شوێنەی لێ ماونەتەوە یان وانەیان تێدا وتۆتەوە یان دوای مردنیان لە کوێ نێژراون هەمووی تۆمار کردووە ئەمەش یارمەتی دەرێکی باش بوو بۆ توێژەر بۆ وەرگرتنی زانیاری ورد ، هەروەها (السمعانی )(562 ك/ 1162 ز ) لە کتێبی (الانساب ). بە گشتی لەو سەرچاوانە بە شێوەیەکی روون و بەرچاو ئەو لایەنانە باس کراوە کە ئاماژەمان بۆ کردووە .

## تەوەرەی یەکەم/شوێنی جوگرافیایی شاری سەمەرقەند و لایەنی بیناسازی شارەکە .

### أ / شوێنی جوگرافیایی شاری سەمەرقەند :

سەمەرقەند دەکەوێتە ناوچەکانی ئەودیوی ڕووبار (بلاد ماوراء النهر) کە پایتەختی هەرێمی (صغد)ە (القزوینی،د.ت،535) هەروەها دەکەوێتە باشوری هەرێمی (صغد ) (الاصطخری، 2004، 316) لە گرینگترین شارەکانی ئەم هەرێمە (بخارا و سەمەرقەند)ە کە (بخارا) پایتەختی دینیەکەیەتی وە سەمەرقەند پایتەختی سیاسیە (عزب ،د.ت،7)بە پێی دابەشکردنە جوگرافیەکان دەکەوێتە هەرێمی پێنجەم (خوارزمی ،1926، 27)ژمارەی رستاقەکانی ئەم شارە (12) رستاقن کە شەشیان دەکەوێتە باکور، شەشیان دەکەوێتە باشور (المقدسي،1991، 266).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە ناوی سەمەرقەند رای جیاواز هەیە بەڵام ئەوەی زۆر لە سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کردووە وە دوپات کراوەتەوە کە پاشای یەمەن بە ناوی ( شمر بن أفريقيس بن أبرهه) بە سوپایەکی گەرەوە هێرشی کردۆتە سەر ناوچەکانی ئەودیوی ڕووبار ، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی کوشتووە و شاری سەمەرقەندی وێران کردووە بۆیە ناوی لێنراوە (شمركند)بە هۆی ئەو خراپەکاری و وێرانکاریەی (شمر ) ئەنجامی دابوو،دواتر ئەم ناوە (تعريب )کراوە و بووە بە (سمرقند)(ابن الفقيه ،1996 ، 622)

**ب/لایەنی بیناسازی شاری سەمەرقەند :**

**1/ شورە:**

شورە بەشێکی گرنگە لە پێکهاتەی شارەکان لە مێژوودا ، کە هۆکاری گرنگی پاراستنی شارەکان بوون، چونکە شورەی پتەو واتە بوونی شاری پارێزراو ، بەڵام زۆر جار شەڕوو پێکدادانەکان لە نێوان هێزەکان هەر لە سەرەتادا شورەکان دەبوونە ئامانج و زیانیان بەر کەوتووە

ئەوەی لە مێژووی سەمەرقەند باس کراوە ئەوەیە هەر لە سەردەمی فەتح کردنی شارەکە لەلایەن (قتيبة بن مسلم الباهلی)[1](49 _96 ك / 669_715 ز) داوا دەکات بە دروست کردنی دیواری شاری سەمەرقەند(الطبری ،1407، 18/4 ؛ مسکويه ،2000 ، 419/2 ) دروست کردنی ئەو دیوارەش بۆ ئەوە بوو کە شارەکە بەهێز بێت و ببێتە هۆی پارێزگاری جگە لەمەش دوژمن نەتوانی بە ئاسانی بچێتە ناو شارەکە (المقدسی .د.ت، 6 /74 ) هەروەها لە سەردەمی عەباسیەکان کە (ابو مسلم الخراسانی))م: 754/173 ز) دەچێتە شاری سەمەرقەند (زياد بن صالح) [2] لە دوای خۆی بە جێدەهێلێت وە داوای لێ دەکات بە بنیاتنانەوی شورەی شارەکە (الطبری ،1407. 369/4 ؛ ابن الاثير ،2002 ،4/ 609 ). لە سەردەمی خەلیفە (هارون

[1] (1) قتيبة بن مسلم الباهلی والی خۆراسان بوو لەسەردەمی ئەمەویەکان توانی زۆر شوێن لە (بلاد ماوراء النهر )(ناوچەکانی ئەو دیوی ڕووبار) فەتح بکات وە لە ساڵی (93 ك،711 ز) شاری سەمەرقەند فەتح کردووە . (البلاذری .( 405 ، 1988 ،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الرەشید )( 170_193ك /786_170 ز)بە هەمان شێوەی سەردەمانی بەر لە خۆی بڕیار دەدات بە نۆژەن کردنەوەی شورەی شارەکە(الیعقوبي،1422،ص124).

(ابن الفقیه الهمدانی)(م:365ك /975ز) دەڵێت: (شورەی شارەکە چوار دەرگەی سەرەکی هەبووە بەناوەکانی ، باب کبیر ، باب صین ، باب اسروشنه ،باب حدید )(1996 ،ص616).

( الاصطخري )(346ك/579ز) و (ابن حوقل) (367ك/ 977ز) ناوی ئەو (4)چوار دەرگە دەهێنن کە لە شورەی شارەکە هەبوونە لەوانە (لە ڕۆژهەڵات باب الصین ،لە ڕۆژئاوا باب النوبهار ،لە باکور باب بخارا ، لە باشور باب کش )( 1994، ص316 ؛ .(2/492 ، 1938،

سەبارەت بە درێژی و بەرزی شورەکان زانیاریەکی وردمان لەبەردەست نیە تەنها (ابن الفقیه) نەبێت کە دەڵێ(لە بەرزایی شورەکە بورجی جەنگی هەبووە) ، 1996،) 621). ئەمەش وەك بنکەی سەربازی وابوونە بۆ پارێزگاری لە کاتی هاتنی هێزی بێگانە..

بە گشتی ئاماژە بەوە دەکرێت کە سەمەرقەند شارێکی جوان و رێك بووە وە ڕێگاو بانەکانی فراوان بوونە وە بە شورە دەور دراوە(الادریسی ،1409 ، 497 ).

(الیعقوبي )(م:284 ك/897 ز) شێوە باس لە پێکهاتەی شارەکە دەکات:

علت سمرقند أن يقال لها ... زين خراسان جنة الكور

أليس أبراجها معلقة ... بحيث لا تستبين للنظر

ودون أبراجها خنادقها ... هميقة ما ترام من ثغر

كأنها وهي في وسط حائطها ... محفوفة بالظلال والشجر

بدر وأنهارها المجرة وال ... آطام مثل الكواكب الزهر((218 , 1422

## 2/ بازار :

بازار بەشێکی گرنگە لە هێلکاری شاردا بە هۆی ئەوەی چالاکی جیاوازی تێدا ئەنجام دەدرێت کە ڕاستەخۆ پەیوەندی بەژیانی تاکەکان ناوچەکە هەیە ،سەبارەت بە پێکهاتە بازار لە سەمەرقەند وردەکاری تەواو لە بەر دەست نین هەرچەندە گەریدە و مێژوونوسان ئاماژەیان بە بونی بازاروو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاوەدانیەکی تەواو کردووە کە لە شارەکە ب هەبووە ، وەك (الاصطخري) باس لە بوونی بازار دەكات کە لەو شارەدا هەبووە( 16 ،2004 ) . بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە چۆنیەتی پێکهاتەی بازارەکەو جۆری ئەو مامەڵانەی کە لێ کراوە لەگەڵ ژمارەی دوکانەکان و هیچ یەك لەمانە بەرچاو ناکەوێت. وە (ابن حوقل)بە هەمان شێوە تەنها ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە بازارو و کۆگاو گەرماو خانەی هەژاران لە سەمەرقەند بەرچاو دەکەوێت( 1938 ،2/ 492 ).

بەڵام دەتوانین بڵێن کە ئاماژە بە بوونی جۆری بازاری تایبەت کراوە بە لایەنێکی دیاری کراوە نمونەی ئەمە کە باس دەکەن سەمەرقەند یەکێك بوو لە بازارە هەرە گەورەکانی ساغ بوونەوەی کەسانێك کە کۆیلە (الرقیق) بوون ئەمانەش کۆمەڵە کەسانێك بوون لە ڕێگەی فتوحاتەوە دەکەوتنە دەست موسڵمانەکان ، بۆ نمونە هەندێك ناوچە لە بڕی جزیە منداڵەکانی خۆیان دەنارد بۆ دەوڵەت و دەسەلاتداران (الدوری ،1995 ، 89 ). هەروەها لە بازاری سەمەرقەند شوێنی تایبەت هەبووە لە بازارەکا بۆ کۆمەڵێك کەس کە بە (الوراقون) ناسرابوون کە هەڵدەستان بە نووسین و کۆپی کردنی نووسراوەکان بۆ سەر کاغەزی نوێ بە هاوشێوەی کۆپی ئێستا (الخالدی ,2007 , 612 )

**گەرەکەکان** :

سەمەرقەند شارێکی گەورەو ئاوەدان بووە دەسەڵاتی سیاسی جۆراوجۆر تێدا فەرمانڕەواییان کردووە هەر لە سەرەتای گەیشتی ئیسلام بەو ناوچەیە لە سەرچاوەکان ناوی شارەکە هاتووە ئاماژە بە بوونی چەندین گەرەك کراوە ، لە گرنگترین گەرەکەکان کە ناویان هاتووە لە خوارەوە باسیان دەکەین:

**یەکەم/ گەرەکی( ماترید یان ماتریدی):** یەکێکە لە گەرەکەکانی سەمەرقەند ناوی ئەم گەرەکە بۆتە نازناو بۆ کەسەکان لە کەسایەتیە بەناوبانگەگانی ئەو گەرەکە(أبو منصور ماتریدی) (م: 333ك/ 944) کە خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمە لە بواری جیاوازدا. (السجزی ،2002، 3/12 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم / الاشتابدیزکی:** یەکێکە لە گەرەکە گەورەکان دەکەوێتە لای دیواری گەورەی سەمەرقەند کەسایەتیەکی ناودار و پەروەرشیار لەم گەرەکە نیشتەجێ بووە بە ناوی (ابو محمد سیحان بن الحسن بن حازم المؤدب السمرقندی الاشتابدیزکی) )النسفي، 1999 ، 115 ) بەڵام (السمعاني) ناوی ئەو گەرەکە بە (اشتابدیزە) دەهێنێت.( 1962، 1/ 258 )

**سێیەم/ البنجخینی** : ئەو گەرەکە بە ناوبانگ بووە بە هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر زانا و فەرمووەدە ناس کە لەو گەرەکە دەرچوونە لەوانە (علی محمد بن محمد البنجیخینی ، ابو بکر محمد علی بن سلمان البنجخینی)(السمعانی.( 2/332 ، 1962،

**چوارەم /گەرەکی امیرنوند:** یەکێکە لە گەرەکەکان کە(ذوالفضل حمزە السابطی الامام الفاضل)مامۆستا بووە لەم گەڕەکە نیشتەجێ بووە.(النسفي.( 157 ، 1999،

**پێنجەم / جاکردیز**:ئەم گەرەکە بەوە بەناوبانگە کە گۆڕستانێکی گەورەی تێدایە ،وە ژمارەیەکی زۆر زاناو پیاو ماقولی لەم گەڕەکە نیشتەجێ ،کە خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگ بوونە لەوانە (ابو فضل محمد بن اسحاق بن ابراهیم الجاکردیز السمرقندي ) بۆ وەرگرتنی زانست گەشتی کردووە بۆ (حیجازو و شام و خۆرەسان و شام عیراق )(السمعاني ،1962 ، 3/ 173 ).م

**شەشەم/ گەرەکی الورسنینی** : (بکر بن محمد بن مالك الورسنینی( (م: 352 ك/ 963 ز)نازناوی (الورسنینی)لە ناوی گەرەکەکەوە هاتووە،کە یەکێکە لە گەرەکەکانی شاری سەمەرقەد وە یەکێك بووە لەو کەسانەی کە لە (مجلس الاملاء) دادەنیشت ئامادەی زنجیرە وتارەکانی دەبوو (السمعانی ، 1962 ، 13 /214 ).

**حەوتەم / گەرەکی (البادی):** ئەم گەرەکە دەکەوێتە سەر (سکە بادی)کە دادوەر (محمد بن طاهر السمرقندی البادی)(م: 513 ك / 1120ز)تێدا نیشتەجێ بووە . (السمعاني ، 1962 ، 199).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**هەشتەم** / گەرەکی (دواونك) دەکەوێتە سەر ڕێگەی (سكە مقاتل) کە (شیخ امام ابو محمد عبدالجبار بن احمد بن نصر القاص )لە ساڵی (514ك / 1121ز ) لەو گەرەکە نیشتەجێ بووە (النسفي.(1999، 406،

**نۆیەم**/ گەرەکی (نهر القصارين) (ابو محمد بکر بن ماناز الکبندوی)لەوێ نیشتەجێبووە کە وانەی داوەتەوە لەم گەرەکە هەروەها کەسێکی زیرەك بووە شارەزا بووە لە فەرموودە خاوەنی کتابی (حسن الامال ،الکبائر ،الموبقات) بووە (النسفي، 1999، 104 )جگە لەمانەی کە باس کران ناوی چەند گەرەکێکی تر هاتووە لەوانە (فغدیزه ، باب دستان ، شوخناك)(النسفی ،1999 ، 489 ، 312 ، 311 ).هەروەها گەرەکی دیکەش هەبووە وەك ( البابسکی ، الفرازامیثني ، الکنوني )(السمعاني ، 1962 ، 2 /6 ، 10 /171 ، 11 / 164 ). بەڵام هیچ وردەکاریەك باس نەکراوە کە شایەنی باس کردن بێت.

## 4/ کۆشك و تەلار :

سەمەرقەند لەلایەن مێژوو نوسان وا باسی لێوە کراوە کە ئاو هەوایەکی خاوێن و کۆشکی جوان و سەرنج ڕاکێشی تێدا بووە ، شارێکی ئاوەدان و هەریەك لە بازاروو گەرماوو میوانخانە و خانووی زۆر لەو شارە بینراوە سەرچاوەی ئاوی زۆرە وە خەندەقێکی گەورە لە دەوری شارەکە بووە (العمري. ( 163/ 3 ، 1423 ،
سەمەرقەند لە ڕووی بیناو کۆشك و تەلارەوە ئاوەدان بووە وە شارەکە هاوشێوەی بخارا بەراورد کراوە لە بە هۆی بوونی کۆشکەوە کۆشکەکان بەرز بوونە و ئاو بەدەوریان داهاتووە.(السراج الدين ابن الوردي ، 2008، 124 ).زۆرجار لە ئەنجامی هەندێك ڕووداوی سیاسی کە لە سەمەرقەند باس کراوە ناوی کۆمەڵێك کۆشك هاتووە وەك کۆشکی (باهلی) کە کێشەی سیاسی ئەو شارەی تێدا چارەسەر کراوە(الطبری ، 1407 ،4 /91 ؛ مسکوية ،2000 ،2 / 493 ). هەوەها (الطبری)(310 ك /923 ز ) ئاماژە بە کۆشکێك دەکات بەناوی (فراوزنە) لە ئەنجامی ڕووداوە سیاسیەکان ناویان هاتووە ( .(134/ 4، 1407

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانیاری کەمە دەربارەی بوونی کۆشك و تەلار .بەڵام زۆر جار لە ڕێگەی هەندێك نازناو شتە نادیارەکان دەرکەوتوون بۆ نموونە (ابو بكر محمد بن يحيى بن الفتح بن معاويه البزاز السمرقندى القصرى)نازناوی (القصري) وەرگرتووە بە هۆی ئەوەی لەو کۆشکە نیشتەجێ بووە کە بە کۆشکی (رافع بن ليث بن نصر بن سيار) ناسراوە (ابن القيسراني ، 1411 ، 115 ؛ السمعاني ، 1962 ، 10 /442 ).

لە گوندی (مايمرغ ) کە گوندێکی سەمەرقەندە ناوچەیەکی هەیە پێ دەڵێن (الويودد)کە پێگەی (الاخشيذ) مەلیکی سەمەرقەند بووە لەو ناوچەیە کۆشکی ئەو بنەماڵەی لێ بووە شوێنی ئەو کۆشکەو ئەو گوندە زۆر سەوزایی و داروو درەختی لێ بووە بە جۆرێك هچ گوندێك هاو شێوەی ئەو ناوچە نەبووە ( اصطخرى ، 2004 ، 321 ؛ المقديسى ، 1991 ، .( 279

گەریدە (الادريسي )(م: 559ك /1166 ز) لە باس کردنی شاری سەمەرقەند ئاماژە بە ئاوەدانی ئەو شارەو بوونی ژمارەیەکی زۆر کۆشك و تەلار و گەرماو و میوانخانەی کردووە ئەمەش بەڵگەی گرنگ بوونی ئەو ناوچەیە کە لە هەموو سەردەمە جیاجیاکان کە باسیان کردووە ئاوەدانی گەشانەوەی زۆری پێوە دیار بووە.( 279 ، 1409 )

بەلام (ياقوت الحموى )(م: 626 ك / 1229 ز) لە باس کردنی ناوچەی (برزعه)کە شارێکە دەکەوێتە ئازربێجان دەڵی میوانخانەکانی ئەوشارە باشترو و جوانتر بوونە لە میوانخانەکانی سەمەرقەند ( 1995 ، 1/ 375 ). ئەمە مانای هەبوونی میوانخانە بووە لەو شارە بەڵام وادیارە لەو سەردەمەی کە( ياقوت الحموى) گەشتی بۆ کردووە لەو ئاستە دا نەبووە کە جێ سەرسومانی بێت و بە شێوەیەکی جیاواز باس لە ئاوەدانی ئەو شارە بکات لە ڕووی بیناو کۆشك و تەلار.

هەروەها قەرەخانیەکان (226_609ك/840 _1212ز) لەسەردەمی خۆیاندا گرنگی زۆریان بە دروست کردنی باڵەخانەداوە لە سنوری ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتیان دا بووە .هەر لەم

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوانگەیەوە یەكێك لە بەناوبانگترین بیناكان میر (طغماج خان ابراهیم)[2] لە سەمەرقەند لە گەرەكی (كرجمين ) دروستی كردووە (بارتولد ، 1981 ، 6 / 463).

**گۆرستان و مەزارگەكان:**

**أ/ گۆرستانەكان:**

تۆماركردنی ناوی گۆرستانەكان و مەزارگەكان لە لایەن مێژوو نوسان جێ بایەخ بووە وەك تێبینی كراوە یەك لە هۆكارە هەرە سەرەكیەكان كە ناوی گۆرستان و مەزارگەكان هاتووە بوونی ئەو هەموو زاناو كەسە ناوداروو خودا ناسانە بوونە ئەمەش وای كردووە شوێنی بە خاك سپاردنیان تۆمار بكرێت .

لە گۆرستانە هەرە بەناوبانگەكان گۆرستانی (جاكرديز)ە كە دەكەوێتە گەرەكی (جاكرديز) ژمارەیەكی بێ شومار لە زاناو كەسی دیار لەو شوێنە نێژراون ، هەروەها ئەم شوێنە بە خۆلی (المحمدين )ناسراوە لەبەر ئەوەی نزيكەی (400)چوارسەد كەس لەوێ نێژراون كە ناویان (محمد كوری محمد)بووە هەموویان لە مەزهەبی حەنەفی شارەزابوونە وە هەموویان خەڵكی شاری سەمەرقەند بوونە.(السمعاني ، 1962 ، 3 / 173 ؛ القرشي ، د.ت ، 554). ئەمەش پێگەی شاری ناوبراو دەردەخات كە دانیشتوانەكەی دوای ئەوەی ئاینی موسڵمان دەبن بایەخی تایبەت بە ئاینی ئیسلام دەدەن بە ڕادەیەك دەردەكەوێت كە لە زۆربەی گەرەك و خێزانەكان كەسانی شارەزاوو خاوەن زانستی لێ بووە ،هەر بۆیەش مێژوونوسانی هاوچەرخی سەردەمی عەباسیەكان بە وردی ناویان و سالی كۆچ كردنیان تۆماركردوون.

گۆرستانی(عتيق بن ابراهيم بن شماس) (ابو اسحاق جابر بن عثمان بن طرخان السمرقندي)(م: 265 ك /879 ز)لەو گۆرستانە نێژراوە ( النسفي ، 1999 ، 123 ). گۆرستانی (سنك

[2]

) 3) طغمانج خان :خاوەنی سەمەرقەند و فەرغانە بووە لە سەردەمی قەرەخانیەكان نازناوی (عماد الدولە ) بووە كەسایەتیەكی ئاین پەروەروو خوا پەرست بووە لە (460 ك /1067 ز) كۆچی دوایی كردووە ، (ابن خلدون ، 1988 ج4/ ص517 ؛ بارتۆلد ، 1981 ، ص459 .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ریزستان)(ابو محمد عبدالله بن محمد )(283 ك / 897 ز )كە خەڵكی شاری نیساپورە بەڵام لە سەمەرقەند نیشتەجێ بووە .لەو گۆرستانە دەنێژرێت (النسفی .( 313 ، 1999 ،
گۆرستانی (سنكر بوستان)(ابو محمد بن اسماعيل بن محمد بن نصر المروزي)(م: 333ك / 945 ز ) لەو گۆرستانە نێژراوە (النسفی ، 1999 ، 68 ). وە گۆرستانی (الرضراض)كەسایەتی ناودار (ابو اسحاق ابراهيم بن السری )خاوەنی كتابی (جزء الاعمال) لەو گۆرستانە نێژراوە(النسفی ، 1999 ، . ) 45

گۆرستانی (احمد خان) كەسایەتی خوا ناس (ابوبكر زيد بن الحسن بن جعفر)(م: 495 ك / 1102 ز)لەو گۆرستانە نێژراوە ( النسفی ، 1999 ، 181 ،182 ) . گۆرستانی (المدينه)كە (أبو بكر زيد بن الحسين بن جعفر )( م: 435ك / 1044 ز ) لەم گۆرستانە نێژراوە كە دەكەوێتە تەنیشت گۆرستانی (احمد خان) (النسفی ، 1999 ، 181 ). هەروەها ناوی چەندین گۆرستانی دیكە هاتووە لەوانە (بنی ناجيه ، حباب ، راس قنطره غاتفر ، محمد بن عبده )(النسفی 1999، ، 187 ، 109 ، 417 ، 565 ).

## ب/مەزارگەكان:

مەزارگەی (قثم بن عباس بن عبدالمطلب )(م: 55 ك /675ز ) لەكاتی فەتح كردنی سەمەرقەند شەهيد بوو كە كورە مامی پيغمبەر(د،خ) (الدياربكری ، د.ت ، 296 ). وە (أبو محمد عبد الرحمان بن يحيى بن يونس الجلكی )(م: 516 ك/1122 ز)كە وتاربێژی شاری سەمەرقەند لەو مەزارگەيە نێژراوە (النسفی .( 372، 1999 ،
مەزارگەی (قاسم الحكيم ) دەكەوێتە گەرەكی ( جاكرديز) گۆری (امام بكر بن اسماعيل السمرقندی)( م:322 ك / 933 ز) لەو مەزارگەيە نێژراوە ( النسفی ، 1999 ، 103 ). مەزارگەی (السادات ) كە دەكەوێتە سەر ڕێگەی (رأس سكه مج) (أمام ابو القاسم علی بن عقيل ) (م: 520 ك / 1126 )لەو مەزارگەيە نێژراوە(النسفی، 199 ، 287 ). مەزارگەی (الأئمه)( امام أبو المعالی قيس بن اسحاق )(م: 526 ك/ 1131 ز) لە مزگەوتی سەمەرقەند وانەی وتۆتەوە لەو مەزارگەيە نێژراوە.(النسفی ، 1999 ، 476 )

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەرەی دووەم/گرینگترین دامەزراوی پەروەردەیی و زانستی :

### 1/ مزگەوت:

یەکەم کار کە ئەمەویەکان پێ هەڵسان بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە سەمەرقەند لە ڕێگەی دروست کردنی مزگەوت بوو هەروەك زانراوە یەکەم کار کە قوتەیبە پێ هەڵسا دروست کردنی مزگەوت بوو لەم شارە(ابن الاثیر ، 2002، 222/4 ؛ الیمانی ، 1985 ، 83 ). دوای ئەوە قوتیبە کۆمەڵێك لە موسڵمانانی لەدوای خۆی جێهێشت بۆ زیاتر گرینگیدان بە بڵاو کردنەوەی ئاینی ئیسلام یەکێك لەو کەسایەتیانە (الضحاك بن مزاحم)(م: 105 ك/724ز) بوو(جعفر ،1981 ، 408 ).

پەروەردەی ئیسلامی بە شێوازێکی گشتی بەستراوەتەوە بە مزگەوت،هەر بۆیە باس کردنی مزگەوت باسکردنی ئەو شوێنە بنەڕەتیە و سەرەکیەیە کە بناغەی رۆشەنبیری ئیسلامیە هەر لەکاتی دروست بوونی مزگەوت کۆڕوو کۆبوونەوەی تێدا ئەنجام دراوە، وە مزگەوت بنکەی بڵاو کردنەوەی ئاینی ئیسلام بووە.(شلبی ، 1954 ، 84 ). زۆربەی مزگەوتەکان بەردەوام بازنەی زانستیان تێدا ئەنجام دراوە لەگەڵ ئەوەی شێوازی دروستکردنی خانوویە زۆر سادە بووە کە لە قوڕ دروست کرا بوون وە سەقفەکەشی بە دار و قوڕ داپۆشرابوو (الادریسی ، 1409 ، ص504) .وە لە ناوچەکانی ئەودیوی ڕووبار ژمارەیەکی زۆر مزگەوت هەبووە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کەم گوند و ناوچە هەبووە مزگەوتی تێدا نەبێت،

بەڵام (الاصطخری ) باس لەوە دەکات کە لە هەموو گوندو ڕستاقەکانی سەر بە سەمەرقەند مزگەوت نەبووە لەوانە ( مایمرغ ، سنجر ، بنجکیکس )( 2004 ، 321 )

. بەڵام (الادریسی)(م:560) باس لەوە دەکات کە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە کەوتوونەتە سەر ڕێگەی سەمەرقەند وەك ناوچەکانی( طواویس ، کرمینیە ، خدمکین ، مذیامجکث) هەر یەك لەوانە خاوەن مزگەوتی خۆیان بوونە کە تێدا وتاری هەینی خوێنراوە وە نوێژی بە کۆمەڵی تێدا ئەنجام دراوە ( 1409 , 497, 496 ) . بۆ زیاتر دامەزراو بوونی ئاینی ئیسلام هەمیشە پێگەی مزگەوت لەلایەن کاربەدەستان لە هەموو سەردەمە جیاجیاکان هەڵساون بە دروست کردن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکان.هەروەك (فضل بن يحيى )لە ساڵی (178 ك ، 795 ز ) هەڵسا بە دروست کردنی مزگەوتێك لە نێوان قەڵاو دەورووبەری شارەکە وە لەسەردەمی (اسماعيل بن احمد سامانى)(279_ 295 ك/892 _907 ز) لە ساڵی (290 ك / 903 ز) فراوانکرا(عبدالله ، 1990 ، 94 ).

جگە لەمانە (النسفی )لە کتێبەکەی بە ناوی(قند فی الذکر العلماء سمرقند) ناوی کۆمەڵێك مزگەوت دەهێنێ لەوانە مزگەوتی ( الصاغة ، سكة مقاتل ، البكرين ، شاهوية ، سنان بن يسار ،ابو العباس ، ابو عبدالرحمان.....)( 1999 ، ص 139 ،367 ،451 ، 418 ، 661 ، 547 ، 540 ).مێژوو نوسان ناوی هەندێکی تر لە مزگەوتەکان دەهێنن لەوانە مزگەوتی(خضر)(عبدالله بن عمر بن خطاب)کە سەمەرقەندیەکان پێیان دەگوت (حضرت عمر)لە نزيك قوتابخانەی (شيردر)،مزگەوتی (الامام عالم المهدی الشيخ ابو منصور الماتريدی)(ابو فضل بلخى)(جوزدانية) (درزنجير) (عبدالله ، 1990 ، 94 ).

مزگەوتی (عز) کە لەسەمەرقەندە و دەکەوێتە سەر رێگەی(رستويج)لە گەرەکی (دروازجە) ناوی (الحافظ ابو الحسن بن أحمد البردعي)هاتووە لە ساڵی (406 ك /1016 ز ) گفتوگۆی زانستی لەم مزگەوتە ئەنجامداوە دەربارەی فەرمووده(النسفی ، 1999 ، 542 ). وەمزگەوتێکی تر بەناوی (المنارە)کە تايبەت بووە بە شێوێنکەوتوانی مەزهەبی شافعی ،لەم شارەدا هەبووە( ابو القاسم علی بن احمد بن محمد)لە مزگەوتی ناو براو دەربارەی فەرموودە گفتوگۆيان کردووە لەگەڵ کەسانی شارەزا لە ساڵی (444ك/ 1053ز)( النسفی ، 1999 . 547 ). ( عبدالملك بن عبدالرحمان بن بکر بن حامد الكرمينى )شارەزا بووە لە فەرمووە بە خەتی خۆی فەرموودەی نووسیوەتەوە لەم مزگەوتە ئامادەی (مجلس الإملاء) بووە لە گەڵ کەسانی شارەزا لە ساڵی (467ك/ 1075ز)کە لەم بوارەدا خزمەتيان کردووە (النسفی ، 1999 ، 383 ) . سەبارەت بە (مجلس الإملاء)ش شێوازێکی تايبەت بوو لە وانە وتنەوە لەلايەن زانايان کەزياتر (الحافظ) دەراخ بوون ،رۆژێك لە هەفتەيان تەرخان دەکرد تێدا بەسەرپەرشتی زانايەکی شارەزا لە

فەرموودەکانی پێغمبەر(د.خ) هەڵدەستان بە نووسینەوەی فەرمووده و دیاری کردنی سەنەدەکان(الکتانی ، 2000 ، 159 ؛ سعید ،2011 ، 263/1 ) .

دانیشتنەکانی بۆ (مجلس املاء)لەم مزگەوتە بەردەوام بوو وەك لە ساڵی (473 ك / 1081ز )(ابو علی بکر بن عبدالله بن موسی النسفی)ئەندامی ئەو دەستەیە بووە .(النسفی ، 1999 ، 105 ) (ادریس بن حمزە بن علی الشافعی)(م:504 /1111ز) خەڵکی شاری (رەملە)یە زۆر شوێن گەراوە لەوانە (بیت المقدس ، بغداد ، خۆرسان ،بلاد ماوراء النهر) دواتر لە سەمەرقەند گیرساوەتەوە وانە بەو کەسانە گوتووە کە لە سەر مەزهەبی شافعین لە مزگەوتی (المنارە) هەر لەوێش ماوەتەوە ، کەسایەتی ناوبراو شارەزابووە لە زانستە جۆراوجۆرەکانی ئیسلام وە هەر لەسەمەرقەند کۆچی دوایی دەکات(السبکی ، 1413 ، 7 /40 ).

مزگەوتی (بلال )کە بە ناوی (أبو صالح بلال بن اسماعیل المقرئ) کراوە کە قورئان خوێنی سەمەرقەند بوو وە بەردەوام خەڵکی گوێبیستی قورئان خوێندنەکانی ببوون (النسفی ، 1999 ، 106 ). لە هەریەك لەو مزگەوتانە کۆمەڵێك بانگدەرو وتاربێژی تایبەت بە خۆیان هەبوو هەروەك نووسەری کتێبی (القند)ناوی چەند بانگدەرێك باس دەکات لە باس کردنی کەسایەتیەك بە ناوی (ابو ثابت زید بن احمد) ناوی (زید بن احمد بن یوسف )وەك بانگ دەر دەهێنێت بەڵام بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی مزگەوتەکە بکات ، هەروەها لە باس کردنی (ابو یحیی خداش بن خلف السمرقندی)ناوی بانگدەری مزگەوتی (صاغة )دەهێنێ بە ناوی (محمد بن الحسن بن یوسف)(النسفی ، 1999 ، 139 ). هەروەها (عبد بن عنتر )بانگدەری مزگەوتی (البکرین ) بووە شێخێکی زاهد و چاکە خواز بووە .(النسفی .( 451 ، 1999 ،

هەمیشە لە مزگەوتەکان کۆمەڵێکی زۆر فێرخواز پێگەیشتوون لە بوارەکانی فەرموودە و راڤەی قورئانی پیرۆز زانستە جۆربەجۆرەکانی شەرع زانی.بەڵگەش بۆ ئەمە (النسفی )یە لە کتێبەکەی کە لە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ناوی زیاتر لە (1000)کەسایەتی دەهێنێت کە شارەزای بوارە جیاجیاکان بوونە.نمونەی ئەو زانایانە( حجاج الکرابیسی)(م: 511ك /1118ز )کە خەڵکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شاری سەمەرقەندە یەکێك بووە لە شەرع زانە ناودارەکان حەزی لە چاکە خوازی بووە هەمیشە ئامادەی کۆڕو کۆبوونەوە ئاینیەکانی مزگەوتی (المنارە)بووە ، لە گۆڕستانی جاکردیز نێژراوە.(السمعانی ، 1962 ، 5 / 445 ).

سەبارەت بە وتاربێژەکان مێژوو نووس (الذهبی)لە کتێبی(سیر اعلام النبلاء) ناوی وتاربێژ (ابو ابراهیم اسحاق بن محمد بن ابراهیم)(م: 518 ك/1124ز ) دەهێنێت کە لە سەمەرقەند وتاری داوە ( 2006 ، 14 / 364 ).

مزگەوتێکی تر هەبووە بەناوی (العطارین)کە(محمد بن عبدالکریم بن عبد بن عسی ) (م: 479 ك / 1087 ز) لەو مزگەوتە وانەی ئاینی گوتۆتەوە (القرشی ، د.ت ، 2 / 84 ) ، هەر لە مزگەوتی ناوبراو (ابن صالح بن جعفر بن محمد بن سالم ) (م:517 ك /1123ز)وانەی تێداگوتۆتەوە لە (جاکردیز) نێژراوە (السمعاني،1962، 39/13).هەروەها کەسایەتیەکی تر بە ناوی (الامیر الامام أبو المعالی قیس بن اسحاق بن محمد)دانیشتووی سەمەرقەندە لە مزگەوتی سەمەرقەند وانەی وتۆتەوە ،هەر لە ساتی وانەوتنەوەش لە ڕۆژی جومعە ساڵی (526 ك/ 1132ز) کۆچی دوایی کردووە لە گۆرستانی (جاکردیز) بە خاك دەسپێردرێت.

**رباط:**

بەشێوەیەکی گشتی مانای (رباط) ئەو شوێنەیە کە خەڵك تێیدا کۆدەبنەوە بۆ خۆ پاك کردنەوە لە خراپەکاری و نزیك بوونەوە لە خوداو جێبەجێ کردنی فەرمایشتەکان وە بوونی ئامادە باشی تێیاندا بۆ (جهاد)و تێکۆشان لە پێناو خودای گەورە(الجزولی ، 2018 ، 274) .ئەمەش بەشێکە لە بەشەکانی تێکۆشان لە پێناو خودا وە پاراستنی سنورەکان بۆ چاودێریکردنی موسڵمانەکان وە لابردنی ترس لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی(ابن رشد ، 1988 ، 364/1 ).

لە قورئانی پیرۆز وشەی(ربط) بەکارهاتووە هەروەك خودای گەورە دەفەرموێ(یا أیها الزین امنوا اصبروا وصابروا ورابطوا واتقوا الله لعلکم تفلحون)[3] (سري السقطي)(م: 253 ك / 867

[3] (7) سورەتی (ال عمران)ئایەتی 200.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ز)کە یەکێکە لە گەورە پیاوانی تەصەوف ، لە ڕاڤەی ئەم ئایەتە دەڵێ(اصبرو واتە ئارامگرتنە لە خۆشی و ناخۆشی دونیا،( صابروا ) ئارامگرتنە لە جەنگ و تێکۆشان (رابطوا )گرتنەوەی نفسە لە ئارەزووەکان(ابن المرزوق . 1981 ، 412 ).

به گرنگ زانینی ئەو شوێنانە وە گرنگی پێدانیان لە لایەن پەروەردەکارانی ئاینی وای کردووە خەڵکی بۆ ڕەزامەندی خوداو یارمەتیدانی سوپا کەسانی ڕێبوار هەڵسن بەدروست کردنی (رباط)،هەر وەك( الاصطخری ) بۆ مان باس دەکات کە ژمارەیەکی زۆر لە (رباط) کە نزیکەی زیاتر لە (10000)دە هەزار دەێت ،هەرچەندە ئەو ژمارەی ئاماژەی بۆ کراوە زێدە ڕەویە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین کە (رباط) بە شێوەیەکی بەرچاو لە ناوچەکە بینراوە ،کە جێگەی سەرنج بووە لە ناوچەکانی ئەدیوی رووبار.( 2004 ، 290).

نمونەی ئەو (رباط)نەی کە لە سەمەرقەند دروست کراون زۆرن ،هەندێك لەو (رباط)نە هەمیشە کۆبوونەوەی زانایانی تێدا ئەنجام دراوە وەك (رباط)(جوبق، مربع) بەردەوام (مجلسی الاملاء)یان تێدا دەبەسترا(النسفی ، 1999 ، 564 ، 334) . هەروەها لە(خارسی)کە شوێنێکە دەکەوێتە سەمەرقەند کە ژمارەیەکی زۆر لە زانای خوا ناسی لێبووە ،لە لایەن (ابو احمد الزاهد السمرقندی )(رباط)دروست کردووە لە گوندی (قطوان) (السمعانی،1963، 32/5). وە(رباط مربع) لە سەمەرقەند دروست کراوە لەلایەن کەسایەتی خوا ناس( ابو ابراهیم اسحاق بن اسماعیل بن جعفر)(م: 259 ك/ 873 ز )،(اسماعیل بن احمد الساماني)میری سامانیەکان نوێژی لەسەری کردووە(السمعاني ، 1962 ، 2 /6 ؛ العسقلاني ، 197 ، 1/ 347 )
زۆر جا ئەو کەسایەتیە خودا ناسانەی لە کە لە (رباط) ەکان دەمانەوە و وانەیان تێدا دەگوتەوە نازناوی (رباط) ەکەیان وەرگرتووە لەوانە (ابوبکر محمد عبدالله المربعي)(م:286 /899ز) کە لە ریباط(مربع)دەمایەوەو ناسرا بوو بە (ابن مربع) (الهاشمی ، 1982 ، 2 / 768 ) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(رباط محفوظ)لە ساڵی (317 ك / 929 ز )لەم شوێنە کەسایەتی شارەزا (ابو نصر سليمان بن داود بن نصر البزدوی) باسی لە فەرمووده کردوە (نسفی ، 1999 ، 152) مێژوونوس (النسفی ) ناوی ژمارەیەك زۆر لە (رباط) دەهێنی کەوانەی تێدا گوتراوەتەوە وەك(رباط کاسورغ)لەباس کردنی (ابو محمد عبدالله بن محمد بن الفضل السرخسی)لە سالی (334 ك / 946 ز ) لەم شوێنە باسیان لە گێرانەوەی فەرموودە کردووە،( 1999 ، 305 ).

(رباط حمزة)کە (مسعود بن منصور بن مرسل الاوشی )(م: 519 ك / 1125 ز )شەرع زانێکی لێهاتوو بوو وانەی لەم (رباط)ە گوتۆتەوە ، خۆی و خانەوادەکەی بەیەکەوە لەناوەراستی مانگی (ذي الحجة) لەو ساڵەدا کۆچی دواییان کردووە (السمعاني ، 1962 ، 1 / 390 ) .

(رباط الجوبق ) (أبو القاسم عبدالله بن احمد الكعبي لەو (رباط) وانەی وتۆتەوە (النسفی ، 1999 ، 334 ). (رباط نصر بن جابر ) دەکەوێتە گەرەکی (باب دبستان) کە (عتيق بن موسى )تێدا وانەی وتۆتەوە(النسفی . 1999 . 628 ). جگە لەوانەی باس کران ژمارەیەك (رباط )ی تر ناویان هاتووە لەوانە (رباط بيت ابی الاشعث ،دشت ،نومكين )( النسفی ، 1999 ، ص ص288 ،141 ، 170 ). لەماوەی حوکمی سامانیەکان لە ناوچەکانی سەمەرقەند گرنگیان دابوو بە دروست کردنی (رباط)وە دابین کردنی پێداویستیەکانیان،بۆ ئەم مەبەستە (ئەمیر اسماعيل بن احمد سامانی)گوندێکی کڕیبوو وە داهاتی گوندەکەی وەقف کردبوو بۆ ئەو (رباط)ی کە لەسەر ڕێگەی سمرقند دروست کرابوو (نرشخی ، د.ت ، 31 ).

وە لەسەردەمی (ملك شا بن ارسلان)( 465 _ 485 ك / 1072 _1092ز )لە سەمەرقەند (رباط) دروست کراوە بۆئەو کەسانەی هەمیشە خەریکی خوداپەرستین نەفەقەیان بۆ دابین کراوە لەگەل تێچونی خواردنیان بۆ کەسانی هەژار(ابن الارزق ، د.ت ، 412 ) .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3/ قوتابخانە:**

سەرەتای دروست بوونی بنکەکانی گەشەسەندن و بیری لە ناو جیهانی ئیسلامی دەگەڕتەوە بۆ مەککەو مەدینەو دواتر بۆ کوفەو بصرە پاشان بۆ بغداد دواتر هەوڵەکانی فێربوون فراوان بوون گەیشتە خۆراسان و ناوچەکانی ئەو دیوی ڕووبار بە تایبەتی بخارا و سەمەرقەند (العلی ، 1980 ، 1 / 4).

سەبارەت بە ناوی قوتابخانە (مدرسة) لە ناوی ئەو شوێنەوە هاتووە کە قوتابیان وانەیان تێدا دەخوێند (المدارس الموضع الذی یدرس فیە )،شارستانی ئیسلامی گەشانەوەیەکی گەورەی بە خۆوە بینی لە لایەنی پەروەردەکردن و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی دەبینیەوە ، قوتابخانە لەسەردەمی پێغمبەر (د.خ) وە هەروەها سەردەمانی هاوەڵانیش نەبووە ،بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لە سەدەی (4ك / 10 ز ) دروست کراوە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات(المقریزی ، 1418 ، 4 / 199؛امین ،د.ت ، 5 )

هاندان فێرکاری کاری هەرە مەزنی زانایان بووە هەر لە کۆنەوەی دەربارەی بابەتە فێرکاریەکان بەرهەمیان هەبووە (ابو مقاتل حفص بن سلیم الغزاری السمرقندی)(م:208 ك / 824 ز) لە گرنگترین بەرهەمەکانی بە ناوی (العالم والمتعلم )(البغدادی ، 1951 ،1 / 333). سەرچاوە مێژوویەییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دروست کردنی یەکەم قوتابخانە لە مێژووی ئیسلامدا دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی (الامام ابی حفص( (م:217 ك/ 832 ز)کە مامۆستای فەرموودە ناس (محمد بن اسماعیل )( م: 256 ك/ 869 ز) ناسراو بە (بخاری ) ، دواتر بەرە بەرە قوتابخانە لە جیهانی ئیسلامی سەری هەڵدا بە تایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەیان قوتابخانە دروست کران کەزانستەکانی ( الفقە ، الحدیث) تێدا خوێنراوە و وتراوە هۆکاری سەرەکی دروست کردنی قوتابخانەش دەگەرێتەوە بۆ زۆر بوونی ژمارەی قوتابیان ئەمەش لە مزگەوتەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبووە هۆی دروست کردنی دەنگە دەنگ نوێژیان لە نوێژخوێنان تێکدەدا(سعید ، 2006 ، ص67 ؛ محمود ، 2019 ، 252 ).

مێژوونوسان ناوی کۆمەڵێك قوتابخانەیان ئاماژە پێ کردووە لەوانە قوتابخانەی (قثم بن العباس )مامۆستای ئەم قوتابخانەیە (محمد بن محمد بن احمد )(م: 491 ك /1098ز) كە لەنەوەی ئیمام عباسی مامی پێغمبەرە (د.خ) لە زۆر شوێن گەراوە بۆ وەرگرتن و بڵاو کردنەوەی زانست وانە وتنەوە (القرشی ، د. ت. 2 /114 ). هەر لەم قوتابخانەیە (ابو معالی مسعود بن الحسن بن الحسين )(م: 504 ك/ 1111) مامۆستا بووە و کەسێکی چاکە خواز بووە .(السمعانی ،1962 ، 11/ 112 ) .

لە قوتابخانەی (رأس سکه حائط حيان ) مامۆستای ئەم قوتابخانەیە(ابو یعقوب یوسف بن بختیار بن محمد الساغرجی)(م: 502 ك / 1109ز ) لە سکەی (صالح) نیشتەجی بووە (سمعانی ، 1962 ، 7/ 20 ). قوتابخانەی(رأس سکه عمور)کە( ابو علی حسن بن یوسف بن ابی یعقوب )(م: 555 ك / 1160 ز ) کەسایەتیەکی خاوەن زانست و زانیاری بووە لەم قوتابخانەیە وانەی وتۆتەوە (السمعانی ، 1962 ، 5 / 555). قوتابخانەی (الب جغری بك) لە سەمەرقەند(نسفی ، 1999 ، 578).

هەندێك جار ناوی مامۆستاکان هاتووە بەڵام بێ ئەوەی کە ئاماژە بە ناوی قوتابخانەکان بکات لەوانە (شیخ الزاهد ابو الحسن علی بن ابی سهل ) (474 ك/ 1082ز )مامۆستا بووە لە سەمەرقەند لە گەرەکی (افراغی امیر نوندا) (النسفی ، 1999 ، 556 ) . لەگەڵ ئەوەی کەسانی زیرەك و بە ئەزموون و مامۆستاو شەرع زانی زۆر لە سەمەرقەند هەبوونە بەڵام هەمیشە شوێنی هاتنی زاناو کەسانی بە ئەزموون بووە ئەمە وای کردووە مامۆستا لە ناوچەکانی تریش بێن لە سەمەرقەند وانە بڵێنەوە لەوانە (ادریس بن حمزە ابو الحسن الشاشی الرملی ) (م : 485 ك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

/1092 ك) خەڵكی شاری (رەملە) بووە. لەسەر مەزهەبی شافعی بووە لە قوتابخانەکانی شاری سەمەرقەند وانەی وتۆتەوە(ابن كثير ، 1988 ، 12 /212 ).

لەسەردەمی سلجوقیەکان بە تایبەتی لەسەردەمی( ملك شا ابن ارسلان)لە ناوچەکانی سنوری دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی سلجوقیەکان هەڵساون بە دروست کردنی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانە وە کردنەوەی خولی زانستی لە قوتابخانەکان بۆ شەرع زانانی وڵات ، تەواوی پێداویستیەکانی فێرکاری وەك (کاغەز و قەلەم ......هتد)وە یەکێك لەوناوچانەی کە ئەم خزمەتگوزاریانەی پێشکەش کراوە شاری سەمەرقەند بوو .(الطرطوش ،.( 128 ، 1872

## دەرئەنجام:

1/-سەمەرقەند شارێکی مێژووییە و هەر لە کۆنەوە گرنگی بە لایەنی بیناسازی ئەو شارە دراوە وە ئاماژە بە بوونی شورە کراوە .
2-/ لە سەمەرقەند تەنها گرنگی بە یەك لایەنی بیناسازی نەدراوە بەڵکو لەم ڕووەوە هەم ئاوەدانی شاروو هەم دەزگا پەروەردەییەکان وەك بوونی (مزگەوت ، رباط. قوتابخانەش) دروست کراون .
3/ گرنگی دان بە بیناسازی بۆ لایەنی پەروەردەیی وای کردووە کە زاناو کەسانی شارەزای زۆر لەم شارەدا دەرکەوتوون وە بوون بە خاوەن پێگەی گرنگ و ناویان لە مێژوودا بمێنێتەوە.
4/ بە پێی باس کردنی سەرچاوە مێژووییەکان ئەوە بە دیار دەکەوێت کە بەردەوام ژیانی لێ هەبووە وە ئاوەدان بووە .
5/ زانایان لە ناوچەکانی دیکەش هاتوون لە وێ خزمەتیان کردووە بە هۆی زۆری دەزگا پەروەردەییەکان وە گرنگی دانی خەڵکەکە بە فێربوونی زانستە شەرعیەکان.

## لیستی سەرچاوەکان:

1_ ابن الاثير ،محمد بن محمد عبدالكريم عبدالواحد الشيباني، (ت: 630ه ،1232 م ( 2002 )( الكامل فى التاريخ، ط1،بيروت ، دار المعرفة.

_2 الأصطخري ابو اسحاق ابراهيم بن محمد ،(ت: 346 ه ،957 م) (2004) لمسالك والممالك ، بيروت، دار صادر ليدن .

3_ الادريسى ، محمد بن محمد بن عبدالله بن ادريس ،(ت: 560ه ،1164 م ) (1409 ه ) نزهه المشتاق فى اختراق الافاق ،ط1، بيروت ، عالم كتب .

4_ البلاذرى ،احمد بن يحيى بن جابر ، (ت: 279ه ، 892 م ) (1988) فتوح البلدان ،بيروت ، دار مكتبه هلال .

5_ جعفر .قدامة بن جعفر .ت (337 , 948 م)( 1981) الخراج وصناعة الكتابة , بغداد , دار الرشيد .

6_ ابن حجر العسقلاني ،أبو الفضل أحمد بن على بن محمد بن أحمد ،ت (852 ه،1448 م) (1971) لسان الميزان،ط2 ،بيروت .

9_ ابن حوقل،محمد بن حوقل البغدادي،ت(367 ه ،977 م)(1938 ) صوره الارض ، بيروت ،دار صادر ليدن.

_10الحموي، شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت، ت (626 ه ، 1228 م) (1995)معجم البلدان ،ط2، بيروت .

11 الحرضي اليمانى,يحيى بن ابى بكر بن محمد ,غربال الزمان في وفيات الاعيان ، (ت:893 ه / 1487 م ) ) 1985) صححه وعلق: محمد ناجى زعبي العمر , دمشق ,1985 .

12_ ابن خلدون ،عبد الرحمان بن محمد بن محمد (ت: 808 ه ،1405 م ) (1988) تاريخ ابن خلدون ،تحقيق:خليل شحاد ، بيروت ، دار فكر .

13__ الدورى ، عبدالعزيز ،(1995) تاريخ العراق الاقتصادى فى القرن الرابع الهجرى ، ط3 ،بيروت.

14_الدياربكرى.حسين بن محمد بن الحسين الدياربكرى ( ت: 966 ه ،1558 م)(د.ت ) تاريخ الخميس فى احوال أنفس النفيس،ط2 ، بيروت .

15_ الذهبي شمس الدين أبو عبدالله محمد بن أحمد (ت: 748 ه ،1347 م)(2006) سيره اعلام نبلاء قاهرة ،دار الحديث .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

16_ ابن رشد(1988 )ابو الوليد محمد ،المقدمات الممهدات لبيان ما اقتضه رسوم المدونه، تحقيق:د.محمد حجى ،ط1، ، بيروت ، دار الغرب .

17_ السبكي ، تاج الدين عبدالوهاب بن تقى الدين،(ت: 717 ه ،1369 م) (1413 )،طبقات شافعيه الكبرى ،تحقيق: د.محمود محمد الطاجى ،د.عبدالفتاح محمد .ط2، دار الهجره.

18_ السجزى ،عبدالله بن سعيد بن حاتم السجزى،(ت: 444ه ، 1052 م)(2002) رساله سجزى الى اهل زبيد فى الرد على من انكر الحرف والصوت،محقق:محمد با كريم با عبدالله، ط2 ، سعوديه .

19_ السمعاني ، عبدالكريم بن محمد بن منصور التميمى السمعانى ،(ت : 562 ه ،1166 م)(1962 ) ،الانساب ،محقق:عبدالرحمان بن يحيى ،ط1 ، حيدر اباد ،ناشر:مجلس دائرة المعارف العثمانية

20_ ابن الوردي ، سراج الدين أبو حفص عمر بن المظفر ،ت(852 ه ،1448 م) (2008 ) خريده العجائب وفريده الغرائب ،تحقيق:أنور محمود زناتي ،2008.

21 _ الطبرى .محمد بن جرير بن يزيد بن كثير ،(ت: 310 ه ، 922 )(1407 ) تاريخ الامم والملك ، بيروت،دار كتب العلميه .

22_ العمرى، احمد بن يحيى بن فضل الله القرشى (749 ه ،1348 م) (1423 )مسالك الابصار فى ممالك الامصار ، ط 1 ،ابو ظبى ،ناشر ،معجم الثقافى .

23 _ ابن فقيه الهمداني (ت: 365 ه ، 975 م) (1996)، البلدان،تحقيق:يوسف هادى ،بيروت، عالم كتب .

24_ القرشي ,عبدالقادر بن محمد بن نصر اللة القرشي ، (775 ه ، 1373 م) ( د.ت)، الجواهر المضية في طبقات الحنفية,كراتشى, ناشر: مير محمد كتب خانة .

25_ ابن القيسرانى,أبو الفضل محمد بن طاهر بن على،(ت: 507 ه ،1113 م) (1411)،المؤتلف والمختلف لابن القيسرانى،محقق: كمال يوسف ،ط1، بيروت .

26_ ابن كثير،ابو الفداء اسماعيل بن عمر بن كثير ،(ت: 774 ه . 1372 م )(1988 ) البيدايه والنهايه ، محقق: على شيرى ،ط1.دار احياء التراث العربيه .

27_ الكتانى ، عبدالحى بن عبدالكريم بن محمد ،(ت: 1382ه ، 1962 م )(د،ت) ،الترتيب الاداريه والمعاملات والصناعات ،محقق:عبدالله خالد ،بيروت، دار الأرقم.

28_ الكتانى ،محمد بن جعفر بن ادريس الحسينى الكتانى، ت(1345 ه ،1926م)(2000) .الرسالة المتطريفه لبيان مشهور كتب السنه المشرفه، تحقيق: محمد منتصر ،ط6 ،دار نشر الاسلامى.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

29_ ابن مرزوق ،محمد بن احمد بن الخطيب شمس الدين ،(ت: 842 ه ،1438 م)(1981) ،مسند الصحيح الحسن فى ماثرون محاسن مولانا ابى الحسن ،تحقيق: ماريا فيسوس مەولا .جزائير .

30_ المقدسى،ابو عبدالله محمد بن احمد المقدسى،(ت: 380 ه ، 990 م) (1991) ،احسن التقاسيم فى معريفه الاقاليم ،ط3، بيروت ، ليدن.

31_ المقدسى، مطهر بن طاهر ،ت (355 ه ، 965 م )( د. ت ).بدء والتاريخ ، بور سعد ، مكتبه الثقافه.

32_ مسكويه، احمد بن محمد بن يعقوب ، (ت : 421ه / 1030م )(2000) تجاريب الامم وتعاقب الهم،تحقيق:ابو القاسم امامى ،تهران ،

33_ المقريزى،احمد بن على بن عبدالقادر ،(ت: 845 ه ،1441 م)( 1418 )المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار ،ط1، بيروت، دار الكتب العلميه .

_34النسفي ، ،نجم الدين عمر بن محمد النسفى،(ت: 537 ه ،1142 م)(1999). قند فى ذ كر العلماء السمرقند .تحقيق: يوسف هادى ،ط1، ايران ،طهران.

_35النرشخى ،ابى بكر محمد ،(ت: 348 ه ، 959 م) (د.ت )،تاريخ بخارا ،تحقيق: امين عبدالمجيد ،نصر الله مبشتر ، ط3 ، قاهيره ،دار المعارف.

36_ النويرى ،شهاب بالدين،( ت: 733 ه ، 1332 م )( 1423 ) نهايه الادب فى فنون الادب،قاهيره، دار كتب الوثاقيه القوميه.

_37 اليعقوبي . العباس احمد بن اسحاق بن جعفر،(ت :897 ه 1492 )(1422 ). البلدان، ط1. بيروت ،دار الكتب العلميه.

**ليستى ژێدەرەكان :**

-1بارتۆلد ، تركستان فى الفتح العربى الى الغز و المغولى ،ترجمه: صلاح الدين عثمان هاشم، 1981، كويت .

-2_ا3الخالدى ,صلاح عبد الفتاح ،(2007) القرآن و نقص مطاعن الرهبان ، دمشق ،دار قلم.

_3شلبى ، احمد ،(1954 ) تاريخ التربيةالاسلاميه ،بيروت ، دار كاشف.

_4 الطرطوش،ابو بكر محمد ،(1872) سراج المالك ،مصر .

_5كاشف ، سيده اسماعيل(د،ت ) ،الوليد بن عبدالملك . مصر .

_6محمود .2020 ، الدولة السامانيه تأريخها وحضاراتها، عمان ، دار غيداء.

_7الهاشمى،سعدى بن مهدى،1982 ،ابو زرعه الرازي وجهوده فى السنه النبويه،مصر .

**ليستى گۆڤارو نامە زانستيەكان::**

1-لجزولى ،بخيته حمد احمد، دور الرباط الدينى والجيهادى والتربوى فى الدوله الاسلاميه ،(2018)مجله تأصيل العلوم ،عدد 15،

_2على ، صالح احمد، مراكز الحركه الفكريه فى صدر الاسلام .مجله المجمع العلمى العراقى (بغداد، 1980

_3سعيد،محمد 2006،،الحركة العلمية فى عصر الدولة الغزنوية، رسالة دكتورا،جامعة اليرموك .

# Mapping of Samarqand in Abbasid period. (132 _656 /749 _1258)

**Halala Ismael Rahman**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Halala.ismael.rahman@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Omid Ibrahim**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Dr.umaid@yahoo.com

**Keywords***: Samarcand, Civilization, Abase, Architecture, development.*

## Abstract

The art of construction has and old history, in all the old civilizations this side has been put as a clear point in the level of reconstruction and in the areas, it is mentioned that Samarkand city is like an old and populated city that historians return to the era of (Zulkarnain and Alexander of Macedonia) since then they have talked about the reconstruction of fortress and houses in this city. In the Abassid Era the reconstruction was still visible, so it seems that all different buildings and institutions that existed in the areas were seen in Samarkand too and this was recorded for us by wanderers and historians.

## ملخص

فن العمارة له تاريخ قديم .حيث ان جميع الحضارات القديمه يعتبرون انها نقطه واضحة للازدهار والتقديم وفى مناطقهم يؤشرون الى مدينة سمرقند وهى مدينة قديمة ومزدهرة يعود تاريخها المؤرخون الى زمن (ذوالقرنين ،و الاسكندر المقدونى)، ومنذ ذلك الحين تحدثوا عن ازدهار وتشييد المجالس والمنازل فى هذه ازدهار والتقديم كانت واضحة فيها ، لذلك من الواضح أن جميع المباني المختلفة يمكن رؤية المؤسسات التي كانت موجودة في مدينة سمرقند،والتي سجلها المؤرخون والعلماء.

كلمات مفتاحية ( سمرقند ،حضارة ،عباسيين ، الازدهار ).